کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-12-2007 16:43بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**"ئاوا دەبێ ڕۆڵی سەرکردە" شاهێدیەک بۆ مێژوو - بە بروسکەیەکی سەرۆک بارزانیی نەمر (250) شۆڕشگێر لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکوک لە ئیعدام ڕزگاریان بوو!! - بەشی یەکەم ... نووسینی عزیزمنسوربەگ**

دانمارك

"چۆنێتی ئاشکرابوونی لیژنە ی ناوچە ی کەرکوك لە ساڵی 1965 وە ڕۆڵی قارەمانانەی سەرۆك بارزانیی نەمر لە ڕزگار کردنیان لە ئیعدام"

لە ساڵی 1965 مەفرەزەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی دەشتی هەولێری قەڵاو منارەی دوژمن



بەزێن بەسەرۆکایەتی عەریف عەلی ناسراو بە عەریف عەلی ڕەقەم یەك کە پێك هاتبوو لە 12 پێشمەرگەی قارەمان بۆ چالاکیی سەربازی هاتبوونە دە ورووبە ری شاری کەرکوك. ئە وە بوو سیخوڕە ئەڵقە لە گوێ کانی ئەو سەردەمە هەروەکو پیشەی چەند جارەیان بە زووترین کات ئاگاداری ئیستخباراتی فیرقەی 2 ی کەرکوکیان کردەوە بۆ ئەوەی کەمێك پلەو پایەی باشتر و بەرزتر بەدەست بێنن. ئەوە بوو هێزێکی گە ورە بە سەرۆکایەتیی خودی ابراهیم فەیسەڵ ئەنساری، کە قائید فرقەی ئەو کاتەی سوپای عێراق بوو، کە پێك هاتبوو لە چەندین دەبابە ومودەڕڕەعە و بە پشتیوانی چە ندین فڕۆکەی هەلی کۆبتەرو فڕۆکەی جۆراو جۆر هەڵیان کوتایە سەرئەو 12 پێشمەرگەیە. بەڵێ ئەو 12 قارەمانەی کە گەورەترین چەکیان تفەنگی بڕنەو بوو لەگەڵ تفەنگی ئینگلیزی. ئەوە بوو دوای شەڕێکی قارەمانانە کە شەو و ڕۆژێکی خایاند و دوای ئەوەی کە پێشمەرگەکان فیشەك و نان و ئاویان لێ بڕا، بە داخێکی گەورەوە دەستگیرکران و ڕەوانەی بەندیخانەی ژمارە 1 ی کەرکوك کران. جا لێرە بوو کە عەریف عەلی نازناوی ڕەقەم یە کی وەرگرت. لەو کاتەدا ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو شاری کەرکوك دا زۆر بەهێز بوو توانیان کە بە زووترین کات پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بکەن، ئەویش بە هۆی تاهیر ناوێکەوە کە بە تاهیرە کوێر ناسرابوو. ئەو تاهیرە چێشتی بۆ بەندکراوەکان لێدەنا لە بەندیخانەکە. پاش چاودێری کردنی پێشمەرگەکان لە لایەن تاهیرەوە وادەرکەوت کەوا پارەی جگەرە و خواردنیان نیە و دەستەڵاتدارانی ڕژێمیش یارمە تیان نادەن. بۆیە لیژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی بڕیاری دا کەوا بڕە پارەیەک کە بریتی بو لە (200) دینار و نامەیەك بە تاهیر دا بنێرن بۆپێشمەرگەکان. جا لێرە دا کارەسات ڕوو دەدات!!!

دریژەی هەیە...

"ئاوا دەبێ ڕۆڵی سەرکردە"
شاهێدیەک بۆ مێژوو
بە بروسکەیەکی سەرۆك بارزانیی نەمر (250) شۆڕشگێر
لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کەرکوك لە ئیعدام ڕزگاریان بوو!!
بەشی دووهەم
نووسینی عزیزمنسوربەگ، دانمارك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵێ لێرەدا گوتمان لێژنەی ناوچەی کەرکوک بڕیاریدا کەوا 200 دینار لەگەڵ نامەیەکدا بۆ پێشمەرگە بەندکراوەکان ڕەوانەی

بەندی خانەی کرکوک بکات بەهوی تاهیرەوە کە هەر وەکو لە بەشی یەکەم دا ئاماژەم پێکردبوو چێشت لێنەری بەندیخانە بوو کات سەر لەبەیانی بوو تاهیر نامە و پارەکەی وەرگرت، هەرچەندە کەزۆر بە نەهێنی پارەو نامەکە درا بە تاهیر وە زۆریش ئامۆژگاری کرابوو کە ئەو نەهێنێ یە لای کەس نەدرکێنێ، بە لێ کورد ووتەنی (کەس نەبێ ڕەجەب سەرپاڵە بێ) بەڵێ کاک تاهیری دڵ پاک و دەم شڕ برادەرێکی "کورتان تازەی" خزمیان دەبینێ نای کاتە نامەردی لە سیرەوە تا پیازی بۆ دەگێڕێتەوە برادەرکەشی زۆر دڵسوزی خۆی بۆ تاهیر دەردەبڕێو دەست خۆشی لێدەکات تاکو تاهیر زیاتر نەهێنیی بۆ بدرکێنێ. ئەوە بوو تاهیر کاتی چوونی خۆی بۆ بەندیخانەشی بۆ ئاشکرا دەکات کەوا هەموو ڕۆژێ کاتژمێر چواری بەیانی دەچێت بۆ بەندیخانە. کابرای ئاڵقە لەگوێی چڵکاو خۆرهەر وەکو پیشەی خۆفرۆشان جارێکی دیکە بەڕوویەکی ڕەش و چاوێکی شۆڕ و قاچێکی لەرزاوەوە بەرەو مۆڵگەی ئیستخباراتی فیرقەی 2 کەرکوک بەڕێ کەوت کە ئەو کاتە ڕائید محمد الزهاوی مدیری ئیستخباراتی فیرقەی 2 ی کەرکوک بوو کاکی "کورتان تازەش" 2 ئەفسەری ئیستخباراتی بە ناوەکانی "نقیب سالم" کە خەڵکی موسڵ بوو لەگەڵ "ملازم محمد" ێک کە نازانم خەڵکی کوێ بوو لە چۆنیەتی چوونی تاهیر بۆ بەندیخانەی بۆ ئاشکرا کردن ئەوە بوو لە بەرە بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی 10 یان 11 ی ساڵی 1965 کات ژمێر 4 بەیانی "داوای لیبوردن دەکەم کەناوی مانگ و ڕۆژەکەم بەتەواوی لەبیرنەماوە" خۆتان دەزانن کە ئەو ڕوداوە 42 ساڵ لەمەوبەرە ئەو کاتە من تەمەنم لە 23 ساڵ تێنەدەپەڕی وا ئێستا دوای چەند ڕۆژێکی دیکە بەرۆکی 65 دەگرم و ئەم بیرەوەریانە بۆئیوەی لاوی خوێندەوار دەگێڕمەوە وەک کورد دەڵی هەر بەقسە خۆشن وا نەزانن کە ئەو ئازادیەی کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە وا بە ئاسانی هاتبێتە دەست و کەس لاوێتی خۆی و سەرو ماڵی لەسەر دانەنابێ جابۆیە داوا لەهەموو کوردێک دەکەم، بەلایەن و بێلایەن وازلەملمانێی یەکتر بێنن و ئەو بڕە ئازادیەی کە هەیە و دوژمن چاوی پێی هەڵنایە وەکو بیبیلەی چاوتان بیپارێزن چونکە دوژمن بۆ ئەو ئازادیە لە کەمیندایە و منیش ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە نەلە ڕۆژنامەیەکمدا خوێندۆتەوەو نە لە ناو دەفتەرێکدا نووسیومەتەوە لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد هیچ کاتێک بواری ئەوەمان نەبووە تاکو وەکوهەموو نەتەوە خوا پێداوەکان بەسەرهاتی خومان و نەتەوەکەمان بەلانی کەم بۆ بنەماڵەکەی خۆمان لەدەفتەری یادگاریەکانی خۆماندا تۆماربکەین تا هەر هیچ نەبێ کوڕو نەوەکانمان بزانن باوک و باپیرانیان چۆن ژیاون. با لەوە زیاتر لەبابەتەکەمان دورنەکەوینەوە ئەوەی من لەو چەند دێڕەی پێشوو لەسەری دوام کەس نیە نەیزانێ. بەڵێ لەکاتژمێر 4 ی بەیانی نقیب سالم لەگەڵ ملازم محمد و مەفرەزەیەک مغاویر لەپێش بەندیخانە خۆیان بو پاسکیل سوارێک بە ناوی تاهیری نەگبەت ئامادە کردبوو وایان دەزانی تاهیری چێشت لێنەر خولە پیزەیەو ئێستا هەموویان دەتۆپێنێ، بەڵێ تاهیریان بەخۆی و نامە و پارەوە دەستگیر کردو بەرەو مولگەکەی خۆیان گەڕانەوە کە ئیستخباراتی فیرقەی 2 ی کەرکوک بوو. ئەوە بوو کە تاهیر نەیتوانی خۆی لەبەر ئە شکەنجە و ئازاری هەتیوەکانی عبدالسلام عارف ی دوژمنە گەورەی کورد خۆی ڕاگرێ، ئەو عبدالسلامەی کە فەرمانی بە سوپا و جاش دابوو (سەری کورد بۆ من و ماڵیشیان بۆ خۆتان) خوا کردی هێشتا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمە (پێشمەرگە گیراوەکان و گیراوەکانی ناوچە) دا کۆتایی نەهاتبوو عبدالسلام لەناو فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر لە ئاسمانی قەزای قورنە کە شارێکی سەر بە پارێزگای بەسرەیە، ئاگری تێبەر بوو و بەزیندوویی ناوهەلیکۆپتەری لێ بۆ بەدۆزەخ. ئەوەبوو تاهیر ئەو کەسەی نامەو پارەکەی لێ وەرگرتبوو دایە دەست و لێرەدا ئیستیخبارات سەرە بەنێکیان دەست

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەوت و دەستیان کرد بەگرتنی هەڤاڵانی پارتی تا کار گەیشتە ئەو ماڵەی کە لەسەر جۆگەلە ئاوەکەی ناو بازاڕی قۆریە پێش دوکانی ماڵی ڕەشید ئەسکندەر بوو. لەو ماڵەدا دەستگیرا بەسەر هەموو نوسراوە نهێنیەکانی پارتیدا لەگەڵ 3 ئەندامی لێژنەی پارتی بە ناوەکانی بەهجەت حەسەن لێپرسراوی ناوچە و ئەندامی لقی 3 ی پارتی و سەبری بۆتانی ئەندامی لقی 3 ی پارتی و بەکرعبدالقادر ئەندامی ناوچە. لەو کاتەدا هەڤاڵ بەکر کە ئەویش ئەندامی پارتی بوو ویستی خۆی ڕزگار بکات زۆر بە سەختی بریندار کرا و بە برینداری دەست گیرکرا و هەر بە بریندایش ڕەوانەی بەندیخانە کرا.

کۆتایی بەشی دووەم

دریژەی هەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.